# کوردانی ئەدلاید تاوانی تیرۆرکردنی قوربانیانی هەولێر مەحکوم دەکەن

سەر لە ئێوارەی ٦ی فێبریوەری ٢٠٠٤، رەوەندی کوردی ساوس ئوسترالیا لە شاری ئەدلاید بۆ بەرێزراگرتنی یادی قوربانیانی کارەساتە دڵتەزێنەکەی رۆژی یەکەمی جەژنی قوربانی ئەمساڵ لە هەولێر، کۆڕێکی ماتەمینیان سازکرد. ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە کوردانی دانیشتوی ئەدلاید ئامادەی کۆڕەکە بوونو تێکڕا ئەو تاوانە تیرۆریستییەی کە دڵڕەشانی دژ بە ئازادیو مەدەنیەتو کورد ئەنجامیاندا، مەحکوم کرد. لە کاتێکدا کە ماڵی کورد خەریکی رێکخستنەوەی خۆیەتیو کۆمەڵانی ئازادیخوازی کوردستان سەرقاڵی پرۆسەی ریفراندۆمن بۆ دیاریکردنی چارەنوسی خۆیان، ئا لەو کاتەدا ناحەزان ویستیان ئەو کەشوهەوایە شلوێ بکەن.

بەر لە دەستپێکردنی کۆڕەکە، ژمارەیەك لە ئامادەبووان ١٠٩ مۆمیان داگیرسان کە ووشەی "کوردستان"یان پێنەخشاندبوو (شایانی ئاماژە بۆکردنە کە تا کاتی سازکردنی کۆڕەکە ژمارەی شەهیدەکان ١٠٩ قوربانی بوون). کۆڕەکە بە دەقیقەیەك وەستانو بێدەنگی بۆ گیانی شەهیدانی کارەساتەکەو سەرجەم شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد. پاشان بەڕێز شێرکۆ کرمانج، بەرێوەبەری کۆڕەکە، لە وتەیەکی هەستبزوێنی دەسپێکی کۆڕەکەدا باسی کارەساتەکەو پلانی ڕەشی تیرۆریستانی کرد. دواتر دکتۆر بورهان سەعید، سەرۆکی کۆمەڵەی کوردیو سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیونیتیەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ساوس ئوسترالیا وتەیەکی کورتی بە ئینگلیزی خوێندەوەو فەرمووی لە بەرێز کریس هانا ئەندامی پەرلەمانی ویلایەتی ساوس ئوسترالیا کرد کە قسە بۆ ئامادەبووان بکا. بەرێز کریس هانا، لە وتەکەیدا هاوخەمی خۆی بۆ گەلی کوردو ناڕەزایی دژ بەم کارە نامرۆڤانەیە دەربڕیو دووپاتی کردەوە کە کورد یەکێکە لەو گەلانەی کە مافی خۆیەتی بڕیاری چارەنوسی خۆی بەخۆی بدات.

بەرێز عەبدوڵا ئیبراهیمی، وەك خەباتگێرێکی دێرینی مەیدانی کوردایەتی لە وتەیەکدا، وێرای هاوخەمی خۆی، باسی لە گرنگی هەرچی زووتر رێکخستنەوەی ماڵی کوردو ڕاگەیاندنی یەك دەنگیو یەکریزی هەردوو هێزە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان کرد. دوای ئەو، کاك زاهید کەریمی وتاری دەفتەری سیاسی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی خوێندەوەو تیایدا سەرەڕای پرسەو سەرەخۆشی حزبی ناوبراو، سوربوونی خۆیانی لەسەر یەکریزی گەلی کوردستان لە دژی تیرۆر دەربڕی. بەرێز خالید پەردەدار وتاری کۆمەڵەی کوردی ـ ئوسترالی لە ساوس ئوسترالیا خوێندەوەو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کۆمەڵەکەیان لەناخەوە هاوخەمی خۆی بۆ گەلی کوردو بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان دەردەبڕێ.

پاشان بەرێز تاریق ئەلحارس، وتاری کۆمەڵەی کلتوری عێراقی خوێندەوەو بەرێز چەکۆ پەخشانێکی خوێندەوەو بەرێز نەجات ئەحمەد شیعرێکی خوێندەوەو خوشکە سوهەیلە ئەحمەد پەخشانێکی خوێندەوەو کاك عەلی شەخسی پەخشانێکی خۆیو شیعرێکی کاك خالید عەزیزی خوێندەوە. لەدرێژەی کۆڕەکە، بەرێز شێرکۆ کرمانج بەشێکی لە هەردوو وتەکەی بەرێزان مەسعود بارزانیو جەلال تاڵەبانی خوێندەوەو ئاماژەی بەوەکرد کە ئەوە سەرەتایەکی ڕۆشنە بۆ بەیکجاری یەکگرتنەوەی ماڵی کوردو یەکهەڵوێستی گوتاری سیاسی کوردی لەم بەشەی کوردستاندا. دواتریش بەرێزی کورتە وتارێکی بەناونیشانی "توخوا پێم بڵێن کێ کافرە" خوێندەوە. کۆڕەکە بە خوێندنەوەی قەسیدەی "تەرمەکان ڕێ نادەن کەس تێپەڕێ" لەلایەن شاعیری ناسراو جەمال غەمبار خرۆشی زیاتر سەند. ئەوەی ڕاستیە کارەساتەکە هێندە گران بوو لەسەر دڵی خەڵکەکە وای لە ئامادەبوان کردبوو لەگەڵ خوێندنەوەی زۆربەی پەخشانو شیعرو ووتارەکان بێنە گریان. لە کۆتایی ئامادەبوان بە چەپڵەرێزان دەقیقەیەك وەستان بۆ نیشاندانی رێزو پێزانینیان لە خەباتی نەپساوەی هەردوو حیزبی خەباتگێری کوردی، یەکێتی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان.